# فڕین بەرەو ئازادی

سێ،چوار مانگ لە راگەیاندنی حکومەتی فرقە تێپەڕیبوو . شەوانە خەبەرەکانی ئازربایجانمان لە رادیوی فرقەوە دەبیست. رۆژنامەکانی (رهبر و ایران ما) سەرنجی زۆری راکێشابووین. زۆرخۆشحاڵ بووین کە چەپەکان توانیویانە لە گۆشەیەکی ئێران حکوومەتێک دروست بکەن و بە زوویی هەموو ئێران دەگرێتەوە. رەفیقمان بیهزاد کە تازە لە ئازربایجان گەڕابۆوە کوتی :

لە ئازربایجان چاوم بە سەروان آگهی ئەفسەری هەڵاتووی هێزی هەوایی کەوتووە و کوتوویە ئێمە لە ئازربایجان ئیحتیاجمان بە فڕۆکە هەیە و دەمانەوێ بناغەی هێزی هەوایی فرقە دامەزرێنین. دەمانەوێ هێندێک فڕۆکەمان هەبێ بۆ راهێنان تا کاتی ئەوە دێ رەفیقەکانی شووڕەوی تەیارەمان بدەنێ.

من و جودی کە دەورەی فڕین بە تەیارەی جەنگیمان دیتبوو و ستوان یەکی سێ ساڵەبووین دوای راوێژ دەگەڵ یەکتر بە بیهزادمان کوت ئێمە ئامادەین بچینە ئازربایجان.

پێش ئەوەی جودی و ئەمن بەرەو ئازربایجان بچین، خەلەبان سەیفەلدینی بە فڕۆکەیەکی لە نەوعی زیروویند، فڕی و لە زەنجان نیشتەوە. دوای سوختت گرتن لە کاتی بڵیندبوون لە زەوی دیوارێکی بەفر هاتە سەررێگای و مەلەخی دارینی تەیارەکە شکا. ئەو تەیارە سەدەمە دیتووەیان سواری لۆرییەک کرد و بردیانە فڕۆکەخانەی تەورێز.

مانگی ئیسفەندی ١٣٢٤ ستوانی خەلەبان جواد زرینە لەگەڵ ئوستواری فەننی محمد علی پیدا لە فڕۆکەخانەی دوشان تەپە تەیارەیەکی جەنگی هایند دەڕفێنن و بەرەو تەورێز دەفڕن . لە نزیک بەنداوی قۆری گول بێنزینیان تەواو دەبێ و لە سەر بەفری قەراغ بەنداوەکە دەنیشن. مەلەخی ئاسنینی

تەیارەکە خوار دەبێ و ئەو فڕۆکەیەش بە لۆری دەبەن بۆ تەورێز.

من و جودی بە گوێرەی بەرنامەی دامانابوو رۆژی دیاریکراو چووینە فڕۆکە خانە و چەتری نەجاتمان وەرەگرت و لیباسی فڕینمان لە بەر کرد . قەرارمان وابوو ئەمن لە پێشەوە بفڕم و جودی بە دوامدا بێ. هەستام و چاوم لە سەر فڕۆکەخانەی دوشان تەپە بوو، دیتم تەیارەی جودیش وەرێکەوت و بە دوامدا هات. گەیشتینە قەزوێن و لەوێڕا بەرەو زەنجان. دیتم بێنزینی تایارەکە خەریکە تەواو بێ بۆیە لە راستە رێیەک هاتمە خوارێ و نیشتمەوە. بە پەلە لە تەیارەکە هاتمە دەرێ و هێندێک عەلامەتم بە جودی دا. ئەویش هات لە رووبەرووی من نیشتەوە. وارێک کەوتین ئەمن بچمە زەنجان و جودی لە لای تەیارەکان بمێنێتەوە و ئاگای لێیان بێ . لە رێگا تووشی جیبێک بووم چەند فیدایی لە سەر بوو بە سەروانێکەوە. کوتیان لەوبەرزاییانە راوەستابووین و چاوەڕێی ئێوە بووین. لە زەنجان چاوم بە غولام

یەحیا، سەرگورد رەسەدی ئیعتماد و سەرهەنگ مورتەزەوی کەوت. ئەو شەوە غوڵام یەحیا میوانی بۆ داین . بۆ سبەینێ حەولی بەنزینی تەیارەماندا. بۆیە چووم بۆ تەورێز بێنزینی تەیارە پەیدا کەم. لەوێ چوومە لای سەرهەنگ  آگاهی کە فەرماندەی هێزی هەوایی فەقە بوو. ئەو کات ئێستا ئەرتەشی سوور ئازربایجانی چۆڵ نەکردبوو. سەرهەنگ آگهی زمانی رووسی باش دەزانی و دەگەڵ رووسەکان قسەی کرد و ئەوان چەند بۆشکە بێنزینی تایارەیان داینێ . بۆشکە کانم سواری لۆری کرد  و سفارشی دروستکردنی هەندێلێکیشام دا کە بۆیان دروست کردین و دەگەڵ سەرهەنگ آگاهی و ستوانی فەننی هەوایی بە نێوی ئوسکوویی کە هاتبووە نێو فرقەوە بەرەو زەنجان وەڕێکەوتین. ئەو چەند رۆژەی لە تەورێز بۆ پەیداکردنی بێنزین  و هەندیل مامەوە چاوم بە سەروان مووسەوی فشەنگچیی هاودەورەم کەوت کە ئەوکات سەرپەرستی ٣٠٠ خوێنکاری ئازربایجانی و کورد بوو کە دەچوون بەرەو ئیستگای قەتار بۆوەی بچنە شاری گەنجە. ئەو خوێندکارانە

بۆ خوێندنی کاروباری نیزامی و دیتنی دەورەی خەلەبانی هەڵبژێردرابوون و دەیانناردنە ئازربایجانی شوورەوی. ساڵی ١٩٦٥ لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ غەنی بلووریان مەعلووم بوو ئەویش ئەوکات دەگەڵ ١٠٠ کەس خوێندکار لە لایەن فرقەی دێموکراتی کوردستان بۆ خوێندن بۆ دانیشکەدەی ئەفسەریی باکۆ ناردرابوون. بە هەرحاڵ هاتینەوە زەنجان و تەیارەکانمان پڕ کرد لە بێنزین و ئامادەی فڕین بووین.

سەرهەنگ آگاهی لە زمانی ئێمە ئەفسەرەکانەوە راگەیاندراوێکی بە دوو زمانی فارسی و ترکی بڵاوکردەوە بەو ناوەرۆکە: ئێمە ئەفسەرانی ئازادیخوازی ئێران چووینە نێو ئەرتەشی فرقەی دێموکراتی ئازەربایجانەوە و ماڵی خەڵکی ئێرانمان گەیاندە دەستی خاوەنەکانی خۆیان. سبەینێی ئەورۆژەی ئێمە بە تەیارەوە هەڵاتبووین سەرهەنگ گیلانشاه هاتبووە فڕۆکە خانە و دەستووری دابوو

مەلەخی هەموو تەیارەکان لێبکەنەوە و کوتبووی ئەمن ئیدی باوەڕ بە توخمی چاوی خۆشم ناکەم.

بە هەرحاڵ دوای بێنزین تێکردن و ئامادەکردنی زەمین بۆ فڕین تەیارەکانمان هەڵکرد و بەرەو تەورێز فڕین. کاتێک گەیشتینە فڕۆکە خانەی تەورێز ژمارەیەک لە سەرانی فرقە و ئەفسەرەکان بە دەستەی گوڵەوەهاتبوونە پێشوازمان . لە کاتی مانەوەمان لە تەورێز دەرەجەیەکیان بۆ زیاد کردین و بووین بە سەروان و میداڵێکی ٢١ ی ئازەریان داینێ و لیباسێکی شێوەی ئەفسەرانی فرقەی دێموکراتی ئازەربایجانیان بۆ دروویین. پاگۆنەکانی وەکوو پاگونەکانی ئەرتەشی سوور و دەوری کڵاوەکەشی، هەر سینفێک بە ڕەنگی تایبەتی ئەو سینفە نەوارێکی بە دەوردا گیرابوو. بە ستوانیان دەکوت لیتنانت و بە سەروانیان دەکوت سوڵتان. ئێمە لە حەولدابووین ئەو فڕۆکەیەی مەلەخەکەی شکا بوو ئامادەی فڕین بکەین . بە هۆی رەفیقە توودەییەکانمان لە عەمباری باشگای میهرابادی

تاران مەلەخێکی تەیارە رفێندرا کە درێژایی ٣ میتربوو . لە پەتوویانەوە پێچا و بە تەیارەی موسافیربەریی رووسی کە لە میهرابادی تارانەوە دەفڕی بە هۆی خەلەبانی رووسەوە بۆیان هێنایە تەورێز و ئێمە لە تەیارەی بێ مەلەخ وەسڵمان کرد. کاتێک رەزمارا بە جێگای سەرلەشکر ئەرفەع بوو بە رەییسی ستادی ئەرتەش ئەو ئەفسەرانەی کە لە کرمان تەبعید بوون ئازادی کردن و هاتنەوە تاران. ئەوانە بە هۆی روزبە و کامبەخش بە تەیارەی موسافیربەریی رووس هاتنە تەورێز. هەرکام لەو ئەفسەرانەیان بۆ مەعمورییەت و ئەرکێک دەست نیشانکردن. (بدیع تبریزی و عنایت اللە رضا) بۆ مەراغە بەڕێکران. ئێمە خەریکی فێرکاری و ئامادەکردنی خەلەبانەکان بووین بەو ئومێدەی بەوزووانە شووڕەوییەکان تەیارەمان دەدەنێ بەڵام غافڵ لەوەی کە وتووێژەکانی قەوامولسەلتەنە لە موسکۆ و دوایە گرێبەستی شیرکەتی تێکەڵاوی نەفتی ئێران و شووڕەوی و دانیشتنەکان لەگەڵ سادچیکوف باڵوێزی شووڕەوی لە تاران کە رێککەوتن کرا لە سەر

چۆڵکردنی ئێران لە لایەن ئەڕتەشی سوورەوە و هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتی خودموختاری ئازربایجان ، هەموو خەیاڵاتی خاوی ئەورۆژانەی ئێمە ی کردە نەخشی سەرئاو.

ئەرتەشی سوور لە مانگی ئوردیبەهێشتی ساڵی ١٣٢٥ ئازربایجانی چۆڵ کرد. بە دوای ئەوەدا موزەفەری فیروز موعاوینی سیاسی سەرۆک وەزیران دەگەڵ لێژنەیەک هاتە تەورێز و گرێبەستێکی دەگەڵ پێشەوەری ئیمزاکرد . دەوڵەتیی ناوەندیی مەجلیسی میللی ئازربایجانی وەک ئەنجومەنیی ئەیالەتیی قوبووڵکرد و رێککەوتن ئوستانداری ئازەربایجان بە پێشنیاری ئەنجومەنی ئەیالەتی و لە لایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە دیاری بکرێ. بە دانی وەعدەی درۆیینی واگوزاریی نەفتی ئازربایجان بە شووڕەوی بە واژۆکردنی گرێبەستی قەوام/ سادچیکوف مەسەلەی ئازربایجان وەک کێشەیەکی ناوخۆیی داندرا کە دەبێ بەینی دەوڵەت و خەڵکی ئازربایجان بە شێوەیەکی هێمنانە

چارەسەر بکرێ و بەو شێوەیە حکوومەتی خودموختاری ئازربایجان رەسمەن و عەمەلەن هەڵوەشاوە و دوایە دیتمان کە ئەو رێگاچارە هێمنانەیە بە قیمەتی خوێنی ٢٠٠٠٠ کەس تەواو بوو و بێ شک و گومان برا گەورە/ شوورەوی/ لە تەشکیل و نابوودکردنیدا نەخشی دیاریکەری هەبوو .کۆرپەیەکی کە هێنابوویە سەر دنیا لە سەر شەقام فرێدرا کە ببێتە پارووی گورگەکان. ئێمە باروودۆخەکەمان وا هەڵدەسەنگاند کە هەڵبژاردنی مەجلیس دەست پێدەکا و نوێنەرانی راستەقینەی خەڵکی ئازربایجان دەچنە مەجلیسی شوورا و ئەوکات لە وتووێژەکاندا بەڵێندرابوو کە بە جێگای ئەرتەشی سوور ، ئەرتەشی ئازربایجان دەبێتە بەشێک لە ئەرتەشی ئێران و باسی ئەو دەرەجانە لە ئارادابوو کە درابوونە نیزامییەکانی فرقە یا ناکۆکی لە سەر دیاریکردنی فەرماندەریی ئەرتەش لە ئازربایجان هەروەها مەسەلەی فیداییەکان بوو. بۆیە ئێمە ئێستا نائومێد نەبووین تا ئەوکاتەی چۆڵکردنی زەنجان هاتە ئاراوە. لە کاتی چۆڵکردنی

زەنجاندا رووداوێک قەوما و عیدەیەک کوژران. پیشەوەری دوای چۆڵکردنی زەنجان مەسەلەکەی ئاوا تەوجیە دەکرد کە ئێمە زەنجانمان دا و لە بەرامبەردا ناوچەیەک لەساییقەڵامان وەرگرت . ئەوەش بۆ ئارامکردنەوەی فرقەییەکان و پێش گرتن لە کزبوونی رووحیە بوو.

لە ئاخرەکانی مانگی ئابانی ١٣٢٥ دیتمان کە دەوڵەتی ناوەندی هێزەکانی خۆی بەرەو ئازربایجان وەرێدەخا . لەو کاتەدا سەرهەنگ قازی ئەسەدوڵڵاهی لە قافلانکۆ کوژرا و جەنازەکەیان هێناوە تەورێز و بەرنامەی ناشتنێکی بە شکۆیان بۆ رێکخست. ئێمەش بە تەیارە فڕین و گوڵمان بە سەر تەزاهوراتەکەدا بڵاو کردەوە چەترێکی نەجاتمان دروست کردبوو و بەو چەترە دەستەگوڵمان بۆ سەر جەنازەکەدا دەناردە خوارێ. دوای کوژرانی سەرهەنگ قازی ئەسەدوڵڵاهی سەرهەنگ ئاگاهییان وەک فەرماندەی ئەرتەشی فرقە ناردە میانە. ئەوکات بەو بەشەی ئەرتەشی فرقەیان

دەکوت ئەرتەشی قزلباش. ئەرتەشی قزڵباش سەربازی وەزیفە بوون ، یانی ئەو گەنجانەی ئازربایجان بوون کە دەبا دووساڵ خزمەتی سەربازییان لە ئەرتەشی فرقەدا ئەنجام دابا. ئەو زەمان فەرماندەی زانکۆی ئەفسەریی فرقە کەسێک بوو بە نێوی سەرهەنگ دووەم سەفوەت کە لە ئەرتەشی ناوەندی جیاببۆوە و لەگەڵ فرقە هاوکاریی دەکرد . رۆژێک کەسێک کە لە فیداییەکانی سەر بە فرقە بوو سەرهەنگ سەفوەتی لە پشت میزی کارەکەی تێرۆر کرد . نازانم چ دوژمنایەتی یا تەحریکێکی لە پشت بوو . ئەو ئەفسەرەی فرقە کە قاتڵی سەرەهەنگ سەفوەت بوو لە مهاجرینی ئازربایجانی شوورەوی بوو کە هێنابوویانە ئازربایجانی ئێران. بۆمن جێی پرسیار بوو کە بۆ هیچ سەزایەکیان بۆ ئەو قاتڵە دیاری نەکرد لە حالێکدا هەر لەو رۆژانەدا چەقۆ کێشێک کە منداڵ باز بوو و کارێکی دزێوی کردبوو لە تەورێز لە داریاندا.

بەشێک لەو مهاجرانە کە لە نیوەی دووەمی سەلتەنەتی رەزاشادا هاتبوونە ئێران دوای شەهریوەری ١٣٢٠ کە شووڕەوییەکان ئێرانیان ئیشغاڵ کرد، بوون بە هاوکاری رووسەکان و چونکە کەمێک رووسی فێربوون خۆیان لە خەڵکی دیکە پێ زیاتر و نزیکتر لە رووسەکان دەزانی. بە هەرحاڵ ئەرتەش زەنجانی گرتەوە و لە قافلانکۆ سەنگەری گرت. ئەمن بە ژنراڵ پەناهیانم کوت باشترە لەو تەیارانە بۆ کاری ئیکتیشاف و پێوەندی گرتن کەڵک وەرگرین . ئەویش پەسندیکرد و قەراربوو ئەمن لەگەڵ ستوان حەقپەرست و ستوان ماکاریان بچینە مەراغە و لەگەڵ فەرماندەی پادگانی مەراغە قسە بکەین بۆوەی فروودگایەک لە نزیک پادگانی ئەوێ درووست بکەین. لەوێشڕا بەرەو سەقز بچین و لەگەڵ فەرماندەی جەبهەی ئەوێ کە مەلا مستەفا بارزانی بوو قسە بکەین و ئەگەر بکرێ لەوێش فرودگایەکی کاتی دروست بکەین و تا ئەو جێگایەی مومکین بێ کاری پشتیوانیی هەواییان بۆ دەستەبەر بکەین. لە مەراغە ماشێنێکمان گرت و چووینە میاندواو .

سەروانی موخابەرات بەهمەن قەهرەمان و سەروانی موهەندیس،قومسەریان لە ئەفسەرەکانی کە ئەرتەشیان بە جێهێشتبوو لەوێ خزمەتیان دەکرد. ماشێنێکیان داینێ و بەرەو سەقز وەرێکەوتین. لە نزیک سەقز ئاوایییەکی لێبوو بە نێوی سەرا . ئەو دێیە ناوەندی ستادی جەبهەی سەقز بە فەرماندەیی مەلامستەفا بوو. ڕەئیسی ستادی جەبهەکە سەرهەنگی ستاد محەمەد عەلی پیرزادە لە ئەفسەرانی ڕاپەڕینی خوراسان بوو. پێشمەرگەکانی بارزانی سەقزیان لە سێ لاوە گەمارۆ دابوو .قەراربوو رۆژی ٢١ی ئازەری ١٣٢٥ هێرش بکەن و سەقز داگیر بکەن. بێجگەلە سەرهەنگ پیرزادە ئەو ئەفسەرانی دیکەش لەوێ بوون:

(سروان اصغر احسانی، سروان محمود تیوای، سروان ابوالحسن تفرشیان و ستوان یکم علینقی رئیس دانا، کە دوو تۆپیان پێبوو و لە بەرزایییەکانی دەوری سەقز دایان مەزراندبوون. سروان ظهیری کە دواتر لەگەڵ سێ ئەفسەری دیکە ابواقاسم حق پرست، و

احتمالا سرگرد حبیب الله خاکزادی) لە مهاباد لە دادگای زەمانی جەنگدا محاکەمە و ئیعدام کران. لە جەبهەی سەقز هێندێک فیداییشی لێبوون کە فەرماندەکەیان سەرگورد رامتین بوو. کە گەیشتینە پرسیارمانکرد سەرهەنگ پیرزادە لە کوێیە؟ سەروان تیوای کوتی موتورسوارێک هات و تێلگڕافێکی دادەستی.کە خوێندییەوە لە پشت موتورسوارەکە سوار بوو بچێ بزانێ مەتنی تێلگڕافەکە راستە؟ پرسیارمان کرد مەتنی تێلگڕافەکە چ بوو؟ تیوای کوتی نازانم. سۆراغی مەلا مستەفا بارزانیمان گرت کوتی بە سواری جیبەکەی رۆیشت بەڵام دەگەڕێتەوە. پاشنیوەڕۆی ٢١ی ئازەری ١٣٢٥ مەلا مستەفا گەڕاوە. چووم و خۆم پێناساند کوتم ئێمە ئەوق سێ ئەفسەرە هاتووین بۆ پشتیوانیی جەبهەی ئێوە. پێکەنی کوتی درەنگ گەیشتوونێ . پێشەوەری و سەرانی فرقە هاڵاتوون و دوایە تێلگڕافی پیشەوەری دادەستم. ناوەرۆکی تێلگڕافەکە ئاوابوو:

بۆ هەموو ئەو یەکە سەربازییانەی کە لە جەبهەن، ئەرتەشی ئێران بۆ دەستپێکردنی ئینتیخابات دێتە ئازربایجان. هیچ بەربەرەکانییەکی ئەو ئەڕتەشە نابێ بکرێ . هەموو یەکە سەربازییەکان بگەڕێنەوە ناوەنەکانی خۆیان. پیشەوەری

وەرگیراو لە کتێبی : خاطراتی از سازمان افسران حزب توده ایران

مرتضی زربخت در گفتگو با حمید احمدی

لە فارسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر کوردی. ٢٦٠٥٠٧